www.kurdistannet.org
03/03/2002 22:25

# کارەساتی ٢٣ی سەپتەمبەر یەکێك بوو لە ئاکامە تاڵەکانی ڕێکەوتننامەی تاران!

ڕێبوار ئەحمەد

ڕۆژی ١٧-٢ سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ وەفدێکی سەرکردایەتی یەکێتیدا لە شاری سلێمانی پێشوازیان لە سەرۆکی تاقمی کۆمەڵی ئیسلامیو وەفدێکی سەرکردایەتی ئەم تاقمە کرد. لە کۆبونەوەیەکدا کە دیسان نوێنەرایەتی جمهوری ئیسلامی تیایدا بەشدارو چاودێر بوو، یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ ئەم تاقمەش لەسەر پەیوەندی دۆستانەو ڕێکەوتننامەی تارانی ساڵی ١٩٩٧ پێکهاتو بەڵگەنامەی ئەمە لەلایەن سەرۆکی هەردوولاوە ئیمزاکرا.

پێشتریش لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەری ڕابردوودا بوو کە هەمان ڕێکەوتننامە لە نێوان یەکێتی نیشتمانیو تاقمی بزووتنەوەی ئیسلامیدا مۆرکرا. بەم جۆرە دوای دەورەیەکی دیکە لە شەڕو خولقاندنی کارەساتی ٢٣ی سەپتەمبەر کە تیایدا دەیان چەکداری یەکێتی بەدەستی باندی (جند الاسلام)و بە هاوکاری ئەم تاقمە ئیسلامیانەی دیکە سەربڕانو لەتو پەت کران، دوای ئەوەی ویژدانی خەڵکی کوردستان لە ئاستێکی زۆر توندو فراواندا بەرامبەر تیرۆریزمی ئیسلامی بە هەموو باڵو شێوەکانیەوە ڕاچڵەکیو بەڕیزی سەدان هەزاری ڕژانە شەقامی شارەکانەوەو خواستی هەڵپێچانی ئەم باندانەو کۆتایی هێنان بە دەستگیرۆیان بەرزکردەوە.

دەبینین کە یەکێتی نیشتمانی بێگوێدانە خواستو ویستی خەڵكو لە پێناوی ڕازی کردنی دڵی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی لە خزمەت بەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆیدا، پەیتا پەیتا خەریکی ڕاکێشانەوەی دەستی ئەم باندە ناوزڕاوانەیەو بە پێشوازی گەرمو دانی ئیمتیازاتی گەورە پێیان دەیەوێ ڕووخساری قێزەونیان لەبەرچاوی خەڵك داپۆشێو بەم جۆرەش جارێکی دیکە دەستی تیرۆریزمو کۆنەپەرستی ئەمانە بۆ سەر ژیانو گوزەرانی خەڵك ڕابکێشێتەوە.

ئێستا ئیتر لە هەموو کات زیاتر ناوەڕۆکی تیۆری پوچی پۆلین کردنی ئەم تاقمە تیرۆریستانە بۆ "ڕەسەنو ناڕەسەن" لەلایەن یەکێتی نیشتمانیەوە، خۆی ئاشکرا کردوە. ڕەوتی ڕووداوەکانو سیاسەتی بەنرخی ڕۆژ نانخواردنی یەکێتی نیشانیداوە کە تیۆری "ئیسلامی ڕەسەنو ناڕەسەن" نە لێکدانەوەیەو نە بەئەندازەی نوکە دەرزیەك ڕاستیو حەقیقەتی تیدایە، بەڵکو تەنها پڕوپاگەندەیەکی چەواشەکارانەیە کە بۆ سیاسەتی سازانو هاوپەیمانێتی کۆنەپەرستانە لەگەڵ ئەم تاقمە تیرۆریستانە داتاشراوە. ئەگینا کارکردو مێژووی پڕ لە تاوانکاری ئەم باندانە تەنانەت ئەگەر هەر بەو بەڵگانەش بێت کە ڕۆژگارێك خودی یەکێتی لەسەر تاوانو تیرۆریزمی ئەمانە بڵاوی کردوەتەوە، هیچ بوارێك بۆ ئەم سازانو دەستگیرۆییەی یەکێتی ناهێڵێتەوە. تەنانەت ئەم باندە ئیسلامیە تازە "ڕەسەن"ەی کە جلال تاڵەبانی ڕۆژی ١٧-٢ بە گەرمی پیشوازی لی کردن، هەر سێ مانگ لەمەوبەر بوو کە لە چوارچێوەی حملەی پڕوپاگەندەی چەواشەکارانەیان بۆسەر ئێمە بە بەهانەی توندڕەوی چەپ، ئەم تاقمە کە هێشتا لەگەل یەکێتی نەسازێنرابوون، وەکو نمونەی توندڕەوی ئیسلامی باسیان لێوەکراو تا ئێستاش هەر بە زمانی شمشێرو جیهاد قسە دەکەن.

یەکێك لە ئاکامە تالەکانی ئەم ساتو سەودایەی یەکێتی لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی، ئازاد کردنی بکوژی هاوڵاتی (هاورێ توفیق) بوو کە پۆلیسو پاسەوانی حکومەتەکەی خودی یەکێتی بووو لەلایەن چەکدارێکی تیرۆریستی سەر بەم باندەوە کوژرا، کەچی وەکو سەرقفڵانەی ڕێککەوتنو هاوپەیمانیتی بە بڕیارێکی تایبەتی جلال تاڵەبانی ئازادکرا. ئەمە جگە لە بازرگانی سیاسی ئاشکرا بە خوێنی خەڵكو تەنانەت چەکدارەکانی خودی خۆیانەوە ناتوانێ هیچی تر بێت. هەر ئێستاش ساتو سەودای گەرم لەگەڵ (جند الاسلام)و تاوانبارانی ڕاستەوخۆی کارەساتی ٢٣ی سەپتەمبەر بەڕێوەیەو سەرقفڵانەی ئەوانیش ئامادەکراوە.

لەولاشەوە مەسعود بارزانی ئەم ماوەیە بەگەرمی لە پێشوازی سەرانی ئەم تاقمانەدا ڕاوەستاو خەریکی دەستگیرۆییو ڕاکێشانیانە بۆ ناو حکومەتەکەی خۆی. بەم جۆرە هەروەکو لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا بینیومانە ئەم دوو حزبە دەسەڵاتدارە بەردەوام خەریکی پێشبرکێن لە هاوکاریو لاواندنی ئەم تاقمە تیرۆریستانەو باجی پڕ کارەساتی ئەم سیاسەتە چەوتو کۆنەپەرستانەیەش هەمیشە خراوەتە ئەستۆی خەڵك. دەستی ئەم تاقمانەیان لە تیرۆرو ڕەشەکوژیو تەقاندنەوەو لە ژێرپێنانی سەرەتاییترین مافەکانی خەڵك ئاوەڵاکردوە، دەرگای سەدان حوجرەو مزگەوتو فتواگایان بۆیان خستوەتە سەرپشت تا کۆنەپەرستیو فتوای قەتلو جیهاد ببەخشیننەوە، لە دەسەڵاتو وەزارەتو بەڕێوەبردن بەشدارو بەسەر خەڵکدا بالدەستیان کردوون. پولو پارەی داهاتی خەڵکیان ڕژاندونەتە گیرفانیانەوەو. . . هتد.

بۆیە یەکێتیو پارتی بەرپرسن لە تاوانکاری ئەم تاقمانە، بەرپرسن لە هەموو کوشتارو تیرۆریزمو کۆنەپەرستیەك کە لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا ئەم باندانە دژی خەڵكو ئازادیو ئینسانیەت لە کوردستاندا ئەنجامیانداوە، بەرپرسن لە کارەساتی ٢٣ی سەپتەمبەر، هەروەها بەرپرسن لە هەموو ئەو تاوانانەی لێرەبەدوا دەخولقێن.

خەڵکی کوردستان لەم ١٠ ساڵەدا بەسەدان شێوەو لە مانگی ئۆکتۆبەری رابردووشدا لە هەمیشە ئاشکراتر ڕایانگەیاندوە کە خوازیاری دەسکۆتاکردنو ڕامالینی ئەم تاقمانەن، ڕایانگەیاندوە کە لە ساتو سەوداو دەستگیرۆیی ئەحزابی حاکم تووڕەو ناڕازین، ڕایانگەیاندوە کە ئەم خەڵکە مودێڕنو سکولارنو لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا هەڵناکەن. بەڵام ئەحزابی دەسەڵاتدار گوێی بیستنی ئەم خواستانەیان نیە. پشتیان لە خواستو ویستی خەڵك کردوەو خەریکن بۆ بەرژەوەندی خۆیان کۆمەڵگا بەناو شەوەزەنگی کۆنەپەرستیو تیرۆریزمدا ڕۆدەبەن. ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیەو دەبێ بەریبگیرێ، ڕێکەوتنامەی تاران دژی خواستو ویستو ئەمنیەتو بەرژەوەنیەکانی خەڵکەو هەموو ئەوانە دەخاتە مەترسی جدیەوە، بۆیە دەبێ بە ڕەسمی هەڵوەشێتەوە. ئەمەش خەباتو هاتنەمەیدانی جدی خەڵکی ئازادیخوازو هێزە سکولارەکانی پێویستە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە هەموو توانای لەم پێناوەدا تێدەکۆشێ.